## چیرۆکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لەم دواییەدا، دەقی وت و وێژێک لەگەڵ رێزدار حسین شێربەگی لە ماڵپەڕی "سیروان" دا بڵاو بووەوە کە ماڵپەڕی بۆکان/رۆژهەڵاتیش رایگواست و بڵاوی کردەوە.

وتو وێژەکە، گەلێک بە ناوەڕۆک و روونکەرەویە و لە دوو لایەنەوە پەیوەندی بە بۆکانەوە پەیدا دەکات هەر بۆیەش من لێرەدا دەیخەمە بەر چاوی خوێنەری ئەم زنجیرە وتارانە : یەکەم، لە وت و وێژەکەدا ئاماژە بە هەندێک کاری شانۆیی لە بۆکان و کەسایەتی وەک سوارەی ئێلخانی زادە و حەسەنی قزڵجی و رەحیم سەیفی قازی و سەلاحی موهتەدی و محەمەد رەمەزانی کراوە و دووهەم، کاک حوسێن خۆی بۆکانییە، واتە پەیوەندێکی دوو لایانە، ئەم وت و وێژە بەم زنجیرە وتارەوە دەبەستێتەوە. ناوی وتارەکەی ماڵپەڕی سیروان بەم چەشنەیە: "رەوتی چیرۆکی کوردی لە کوردستانی ئێران" بەڕێوەبەری وتو وێژەکەش دەبێ هەر ماڵپەڕی سیروان بێت.

هیوایە کاری دوایی کاک حوسێن ناساندنی چیرۆک نووسەکانی کورد بێت کە لە ناویاندا لاوی بۆکانی کەم نین.

ئەوەش دەقی وت و وێژەکە :

### ره وتی چیرۆکی کوردی له کوردستانی ئیران له گه ڵ هێژا حوسێن شیربه گی

/چیرۆکی هونه ری هه تا هه تایه، هه رمانه و نامرێ
»حوسێن شێربه گی« هاورێی چه ند که سێکیتر هه موو هه وڵیان ئه وه یه ئالأی چیرۆك نووسی کوردی شه کاوه رابگرن و خۆیان ته واو به چیروك نووسییه وه خه ریك کردووه.
کاکه حوسێن شیربه گی چیرۆکنووسی به توانا به دڵفراوانییه وه پرسیاره کانی هاوپێوه ند به چیرۆکی کوردی لێوه رگرتم و پاش ماوه یه ك وه لامه کانی له سه ر ره وتی چیرۆکی کوردی به تایبه ت کوردستانی ئێران بۆ ناردمه وه و نووسیوێشێتی: »بۆخۆم زۆرم به دڵه و زۆرم خۆ پێوه ماندوو کردووه.« »شاربه ده ر«، »دۆنادون«، »چیرۆکی نوێ: تیوری رۆمان«و... له به رهه مه کانی چاپ کراوی به ریز »شێربه گی«ن و کۆمه ڵه چیرۆکی »سه عات 22/3«ی ئه حمه د شاملووشی کردووه به کوردی که له هه ولیر له ژێر چاپدایه. حوسێن شێربه گی له دایك بووی 1330 بوکانی سه ربه موکریانه. ئێوه و ره وتی چیرۆکی کوردی له گه ڵ کاکه حوسێن.

* کاك حوسێن با باسه که مان له ده سپێکی چیرۆکی کوردی کوردستانی ئیرانه وه بێ.
- پێشوازی له پێشنیازه که تان ده که م، چونکه ئه و ده رفه ته م بۆ ده ڕه خسێ تا جارێکی دیکه ش سوپاس و ئه مه گداری خۆم ئاراسته ی بناغه دانه ری چیرۆکی کوردی له کوردستانی ئێران به ڕێزی نه مر زینده یاد ماموستا حه سه ن قزڵجی بکه م و هه روه ها سوپاس و ئه مه گداری و رێز و خۆشه ویستی ئاراسته ی تێکۆشه رانی پێشه نگی ئه م بواره، زینده یادانی نه مر مامۆستا سواره ئیلخانی زاده و دوکتۆر ره حیم قازی بکه ین.
به ڕاستی بێتوو »گی دۆمۆپاسان« به ئاوێنه ی باڵانوێنی کۆمه ڵگای فه ڕه نسی و په ره پێده

ری کورته چیرۆکی ئۆرووپایی و رۆژ ئاوایی له ساڵه کانی کۆتایی سه ده ی نۆزده دا بناسین، یان ئانتوان چیخۆف ویژدانی هۆشیار و بێدار و شێوه کاری هونه رمه ندی کۆمه ڵگای رووسی بێت له کۆتایی سه ده ی نۆزده و سه ره تای سه ده ی بیسته مدا، ئه وا مامۆستا حه سه ن قزڵجی ئه رکی هه ردووکی ئه م نووسه رانه و به ردی سه رشان و کۆڵی هه ر دووکیانی به ته نهایی وه ئه ستۆ گرت و سه ر که وتووش بوو.

باسه که ده گه ڕێته وه بۆ (ساڵانی 1941 تا 1946 زایینی)، یانی سه ره تای رۆنیسانسی کۆمه ڵگای کوردستانی ئیران و جم و جۆڵی کۆمه ڵه ی ( ژ - ك) و کۆماری کوردستان، که له و کاته دا فۆرماسیۆنی ئابووری و رامیاری ئێمه فۆرماسیۆنی فیئۆداڵی بوو و داب ونه ریتی عه شایه ری و خێڵه کی به سه ر خه ڵك و کۆمه ڵگا و که لتوور ماندا زا ڵبوو، له بار و دۆخ و بڕگه یه کی ئاوادا که زۆربه ی خه ڵك نه خوێنده وارن و ئاگایان له نووسین و خوێندنه وه و کتێب نییه، ته نانه ت خوێنده وارانی پێشه نگیش زۆربه ی زۆر و له سه دای نه وه دیان سه ر قاڵی شێعر ده بن( هه ڵبه ت ئه و خوێنده واره پێشه نگانه ی که خه ریکی خوێندنه وه و نووسینن ، نه ك خوێنده واری ئاسایی و ڕه شۆکی و دوور له متاڵا و خوێندنه وه)، له بارودۆخێکی ئاوادا مامۆستا قزڵجی دێت و چیرۆك ده نووسێ و ئه ویش چیرۆکی سه ر که وتوو،که ئه وا له پاش نێزیك شه ست ساڵ هێشتا بۆ زۆر که س سه ر مه شق و نموونه ی چیرۆکی سه رکه وتوون.

چیرۆکه کانی ئه و بڕگه یه ی مامۆستا له گۆڤاری» هه ڵاڵه« دا که له بۆکان و له ژێر چاوه دێری خۆیاندا ده رده چوو، هه روه ها له رۆژنامه ی »کوردستان« دا که ئۆرگانی کۆمار بوو چاپ ده بوون. ئه م چیرۆکانه و چه ند چیرۆکێکی دیکه ی مامۆستا پاشان له کتێبی (پێکه نینی گه دا) دا له چاپ دران و له قه واره ی کتێبیدا بڵاو بوونه وه. کاریگه ری مامۆستا قزڵجی به سه ر چیرۆك و چیرۆکنووسانی ئه م دیوو ئه و دیوی کوردستاندا شتێکی سه لماوی حاشا هه ڵنه گره و هه موان پێی پێیا ده نێن.

وه کوو چۆن هه ر هه موو چیرۆکنووسانی رووسیه له ژێر »شنیل«ی نیکۆلای گوو گووڵدا هاتنه ده ر،ئێمه ی چیرۆکنووسی کوردیش هه ر هه موومان قه رزاباری مامۆستا( حه سه ن قزڵجی) ین.

ئالێره دا ره نگه ئه م پرسیاره بێته پێشێ و پرسیار بکرێ بۆچی؟ ئه مه پرسیارێکی زۆر جوان و باشی فیکرییه له ئه ده بی کوردیدا و مافی هه موومانه بزانین بۆچی ..؟

له وه ڵامدا پێموابێ زۆرباشه ئاماژه به سێهۆکاری سه ره کی بکرێ

1- چونکه مامۆستا قزڵجی بناغه دانه ری چیرۆکی کوردی له کوردستانی ئێراندایه و یه که م که س بوون که له م دیودا کورته چیرۆکی هونه ری کوردییان نووسیوه.

2- له به ر ئه وه ی وێڕای له به ر چاو گرتنی بڕگه وخولی خۆی و فۆرم و ئاستی چیرۆك له و بڕگه زه مه نیه دا، چیرۆکی مامۆستا زۆر سه ر که وتووو پێشکه وتوون. یانێ چیرۆکه کانی کتێبی(پێکه نینی گه دا) له پاش نووسینیان به رده وام خوێندراونه ته وه و قسه و باس و مشت و مڕیان لێ ساز بووه و به ئاسه وار و به رهه می باش و سه ر که وتوو ناسراون.

3- مێژوو سه لماندوویه تی که گه وره پیاوان زۆر جار به پێچه وانه ی رۆیشتنی ئاوی ڕووبار مه له ده که ن و مامۆستاش هه روای کرد، یانێ له جیاتی ڕوو له شێعر کردن و شیعر گوتن، وه شوێن چیرۆك که وت. من له وتاری(چریکه ی چیرۆکی چوارچرا) دا ئاماژه م به بارودۆخی ئابووری، رامیاری، کۆمه ڵایه تی و فه رهه نگی سه رده می کۆماری کوردستان کردووه و ده ست نیشانم کردووه که له و خول و برگه یه دا و له فۆرماسیۆنی فیئۆدالیدا زیاتر له سه دای نه وه دی خه ڵك نه خوێنده وار بوون و خوێنده وارانیش له سه دای نه وه دیان، له شیعر به ده ر خوێندنه وه یان له نێو دا باو نه بووه. جا له دۆخێکی ئاوادا مامۆستا وه شوێن شێعر ناکه وێ، چیرۆك ده نووسی و له نووسینی چیرۆکیشدابه پێچه وانه ی به ستێنی ڕووبار مه له ده کات، یانێمن پێموایه به پێچه وانه ی زۆر که س که وایداده نێن چیرۆکه کانی (پێکه

نینی گه دا) سه ر به قوتابخانه ی ریئالیزمی سۆشیالیستی و ئه ده بی كرێكارین، من ده ڵێم نا، چیرۆكه كانی پێكه نینی گه دا، سه ر به و قوتابخانه یه نین و سه ر به شێوازی ره خنه ی (كۆمه ڵایه تی)ن، چوونكه وه كوو ده زانین له ئه ده بی كرێكاری و ریئالیزمی سۆشیالیستیدا پرو پاگه نده یه كی دوگم و داخراوی قیر سیچمانه بۆ بیر و ڕاو ئه ندیشه یه كی تایبه ت و ئیشك و پارت خوازانه ده كرێ، كه ئێمه ئه م بیرو ڕا و پڕ و پاگه نده حیزبی و دوگم و داخراوانه له چیرۆكی مامۆستادا نابینین. ده یجا جارێكی دیكه ش سوپاس و ئه مه گداریمان بۆ بناغه دانه ری چیرۆكی كوردستانی ئیران مامۆستا حه سه ن قزڵجی .

له پاش دارمانی كۆماری كوردستان و سه ركوت كردنی هه موو بزاڤ و جووڵه یه كی پێشكه وتنخوازانه و وێڕای سڕینه وه ی هه موو چالاكییه فه رهه نگییه كان كاری مامۆستا و چیرۆك نووسینی كوردی له مدیو ته نها و ته ریك ده مێنێته وه.

تا ساڵی 1329 ی هه تاوی (50 ی زایینی) یه كه م رۆمانی كوردی سه ر تاسه ری كوردستان له ئیره وان پاته ختی ئه رمه نستانی سه ر به سوڤییه ت چاپ و بڵاو ده بیته وه ، ئه ویش رۆمانی (پێشمه رگه )ی دوكتور ره حیم قازی یه . من هه ر له سه ر رۆمانی پێشمه رگه ی دوكتور ره حیم قازی وه كوو یه كه م رۆمانی كوردی هه موو كوردستان به تێروته سه لی هه ر له وتاری (چریكه ی چیرۆكی چوار چرا)دا نووسیمه . لێره یش دا دووپاتی نه كه ینه وه و ته نها ده ستخۆشانه و رێز و ئه مه گدایمان ئاراسته ی نووسه ری رۆمانی پێشمه رگه ده كه ین و به داخه وه بزاڤی چیرۆك و رۆمانی كوردی له پاش كۆمار و له پاش مامۆستایان قزڵجی و قازی بۆ ماوه یه كی زۆر بێده نگی و شه وه زه نگی به سه ردا دێ و سه ر نیزه ی دیكتاتورییه تی شوڤێنیستی پاله وی ئیزنی چالاكی و بزاڤی فه رهه نگی و هونه ری به غه یره فارس و به تایبه ت به كورد نادا. به ره به ره ده گه ینه ساڵانی 40 و 50 ی هه تاوی (60 و 70 كانی زایینی) و كۆڕ و كۆبوونه وه كانی ئاڵقه ی زینده یادی نه مر مامۆستا سواره ی ئیلخانی زاده و هه ڤاڵانی وه كوو كاك سه لاح و چاوه و برێ جار مامۆستا نووری و رۆژبه یانی و ... له سه ره تاوه له بۆكان و له پاشان له تاران .

له م كۆڕه دا زۆر چالاكی ئه ده بی و هونه ری ده نووسراو ده خوێندرایه وه به تایبه ت شێعری نووری و چاوه و چیرۆك و وێنه چیرۆك و په خشان و توێژینه وه كانی نه مر كاكه سوار و ره خنه و لێدوانه كانی كاك سه لاح و مامۆستا جه میل ، تا له ئاكامدا كاكه سوار توانی پرۆگرامی » تاپۆ و بوومه لێڵ« وه كوو پرۆگرامێكی سیریاڵی و دوور ودرێژ و به رده وام له رادیو كوردی تاران و كرماشاندا وه رێ بخات و ببێته مه كۆی فه رهه نگی پێشره و و پێشكه وتوو بۆ ئه و قۆناغه ی نووسراوه و نووسه ران و شاعێرانی كورد.

له پرۆگرامی (تاپوو بوومه لێڵ) دا كه ئیستا وه كوو كتێبێك له ماڵپه ڕی كتێبخانه ی كوردیدایه ، زۆر چالاكی ئه ده بی و چیرۆكی و شانۆیی و توێژینه وه و لێدوان به ر چاو ده كه وێ و یادگار و به رهه مێكی به پیت و به پێز و نه خشین ده خوڵقێ كه به راستی شایه نی هه موو كاتێ ئاوڕ دانه وه و به سه ر كردنه وه یه . گه ڕانه وه سه ر ئه و كوڕ و مه كۆ فه رهه نگییه و ئه و چالاكیانه ی كاكه سوار كه دوو كتێبی »تاپوو بوومه لێڵ« و » خه وه به ردینه«ی وه كوو به ڵگه و سه نه دی نێشیساری داوه ته ده رێ و موتالا و سه ر له نوێ‌خوێندنه وه ی بۆ ئه مرۆی كورد و بۆ ئه م نه وه تازه یه پێویسته، تا ئاگادار ببنه وه كه 40 ساڵ ، 40 و چه ند ساڵ له مه و به ر كاك سواره ئیلخانی زاده و مه كۆ فه رهه نگییه كه ی چه نده قووڵ و به ر بڵاوه ، ئاوڕییان له هه موو بواره كانی ئه ده بی پێشكه وتووی رۆژ ، به تایبه ت ئه ده بی چیرۆكی و به یت و باو و شانۆ و فوڵكلور و ئه ده بی نوێی و ته نانه ت رۆمانی نوێی فه ره نسی و تیوره كانی شێعر و چیرۆكی نوێ داوه ته وه.

به خته وه رانه چونكه كاكه سوار ترێبۆن و بلندگۆی رادیویه كی پڕ بیسه ر و پڕ لایه نگری به ده سته وه بوو كاره كه شی ده نگدانه وه و كاریگه ری باشی له سه ر كۆمه ڵگا بووه و زۆر لاوی پڕ كه ف و كوڵ به گوڕ و تینی ئه و سه رده مه روویان كردووه ته چالاكی ئه ده بی و

شیعر و چیرۆك . کاریگه ری کا رو شێواز و رێبازی شێعر و چیرۆك و هه ر هه موو نووسراوه کانی مامۆستا سواره ئیلخانی زاده ئێستاش به سه ر زۆر که س و زۆر قه ڵه می کوردییه وه دیاره. ئه وانیش و ئه و هاڵقه و مه کۆ پڕۆگرامه به نرخ و پڕ بایه خه شی یادیان به خیر و سوپاس و ئه مه گداریمان بۆیان. ئه م ڕه وتی نووسینی پارچه په خشان و کورته چیرۆك و بیچمی چیرۆکه له م دیو به نهێنی درێژه ی ده بێ و جاروبار به ر هه می پارچه په خشان و بیچم و چیرۆکی مامۆستا هه ژار و مامۆستا هێمن و مه لا که ریمی سارده کوێستانی و مامۆستا محه ممه د نووری و .. ده بینرا و ده بیستراو ئه مانه که سانێکن که له پێش سه رکه و تنی شۆڕشی ئیسلامیدا په خشان و بیچمی چیرۆکیان به ر چاو که وتووه. هه ر له گه ڵ رزگار بوونی گه لانی ئێران و به تایبه ت نه ته وه ی کورد له زوڵم و زۆری حوکمه تی پاله وی چه ند قه ڵه می به گوڕوتین له ئه ده بی چیرۆکی و په خشانیدا به ر چاو ده که ون و دێنه مه یدانه وه ، وه کوو به رێزان ئه حمه د قازی و که ریم قه ییومی و جه لال مه له کشا، دیاره ئه م کوردی زانین و کوردی نووسینه باشه ، ئی ساڵێك و دوان خوێندنه وه و نووسین له پاش شۆڕشی گه لانی ئێران نییه و ده بێ ئه م به رێزانه له پێش سه ر که وتنی شۆڕشیشدا چالاکییان بوو بێ.
له پاش شۆڕش یه که م کتێبی چیرۆکی کوردی له م دیودا، کۆ چیرۆکی سیریاڵی (باقه بێن)ی مامۆستا ئه حمه دی قازییه که ساڵی 60 ی هه تاوی( 81 زایینی) چاپ و بڵاو بۆوه و به دوای ئه میشدا له دووای ده رچوونی گۆثاری »سروه« و »ئامانج« و »ئاوێنه« کاره کانی کاك که ریم قه ییوومی و جه لال مه له کشا و بڕێك قه ڵه می دیکه ی کوردستانی ئێران [ که هه رله وتاری ( چریکه ی چیرۆکی چوار چرا) دا قسه و باسیان له سه ر کراوه و لێره دا دووپاتی ناکه ینه وه ]، دێنه مه یدانه وه.
ئه مجار نۆره ی چالاکی قه ڵه م به ده ستانی ناو ئه م سێ گۆثاره و »گرشه ی کوردستان« و هه روه ها چالاکی ناو کۆڕ و کۆ بوونه وه به ئاشکرا و نهێنییه کانی ناو ماڵان و کۆڕه ئه ده بییه کانی سه ر به ئیرشادی ئیسلامی له شاره کان و هه روه ها چالاکی نێو بۆنه و یادمانه کان ده گات. من به ڕاشکاوییه وه ده ڵێم، یه که م که س که له م بڕگه یه دا کۆر و کۆ بوونه وه ی خوێندنه وه ی چیرۆك و شی کردنه وه و ڕه خنه ی ئه ده بی له ماڵه خۆیدا دانا و لاوانی کۆ کرده وه به ڕێز کاك محه ممه د ره مه زانی بوو که له شه سته کانی هه تاوی( 80 کانی زایینی) دا حه وتووی شه وێك و دووان له ماڵه خۆیدا ئه م کۆڕانه ی ده گرت و زۆر خوێندنه وه و متاڵا و شی کردنه وه ی هۆنراوه و جیددی ده هاته گۆڕێ و قسه و باسی له سه ر ده کرا. هه روه ها له هه ر شارێك و چه ند که سێك چالاکی و دڵسۆزی له ڕاده به ده ریان وه شاندو جێگه ی رێز و پێزانینن، تا وای لێهات چه ند شه پۆلێکی به هێزی چیرۆکنووسین له چه ند شارێك سه ری هه ڵدا و به ده یان کتێبه رۆمان و کۆچیرۆکی کوردی چاپ و بڵاو بوونه وه و هه مووان له ره وتی چیرۆکی کوردی له کوردستانی ئیران له گه ڵ هێژا حوسێن شیربه گی /چیرۆکی هونه ری هه تا هه تایه، هه رمانه و نامرێ.
* ئه ی بۆچی باسی ئه و نووسه ره کوردانه تان نه کرد که چیرۆکیان له سه ر کورد به فارسی و عاره بی و تورکی و زمانه رۆژ ئاواییه کان نووسیوه؟ - هه موومان ئه وه ده زانین که مامۆستا برایم یۆنسی نووسه ر و وه رگێڕێکی زۆر گه وره و به توانای کورده، خه ڵکی بانه ی کوردستان و دانیشتووی تارانه. مامۆستا یۆنسی ده یان کتێبی له ئینگلیزییه وه وه رگێڕاوه ته سه ر زمانی فارسی و هه موو سه باره ت به کوردن و بۆ خویشیان نزیك به هه شت نۆ رۆمانی له سه ر بورده و چاره نووسی کورد و سه باره ت به کورد و کێشه ی کورد و کوردستان به زمانی فارسی نووسیوه ،

* ئه ی بۆچی باسی ئه و نووسه ره کوردانه تان نه کرد که چیرۆکیان له سه ر کورد به فارسی و عاره بی و تورکی و زمانه رۆژ ئاواییه کان نووسیوه؟

- هه موومان ئه وه ده زانین كه مامۆستا برایم یۆنسی نووسه ر و وه رگێڕێكی زۆر گه وره و به توانای كورده، خه ڵكی بانه ی كوردستان و دانیشتووی تارانه. مامۆستا یۆنسی ده یان كتێبی له ئینگلیزییه وه وه رگێڕاوه ته سه ر زمانی فارسی و هه موو سه باره ت به كوردن و بۆ خویشیان نزیك به هه شت نۆ رۆمانی له سه ر بورده و چاره نووسی كورد و سه باره ت به كورد و كێشه ی كورد و كوردستان به زمانی فارسی نووسیوه ، یان یاشار كه ماڵی خه ڵكی توركیا نووسه رێكی كورده و به توركی ده نووسێ و له ده یان رۆمان و چیرۆكدا له كێشه ی كورد و كوردستان دواوه، یان جه لیل قه سیمی كه ركووكی و سه لیم به ره كاتی سووریایی كوردن و هه ر كامیان ده یان كتێبه شیعر و چیرۆك و رۆمانیان به عاره بی سه باره ت به كورد نووسیوه و قاره مانی چیرۆكه كانیان كوردن و باسی بانه و بۆكان و مه هاباد و قامیشلوو و حه سكه و حه ڵه ب و كه ركووك و و سلێمانی و سنه و مه ریوان و شنۆ و ... زۆر شاری كوردیان كردووه به ڵام به داواكاری و ڕاشكاوییه وه ده ڵێم له ناو هه مووی ئه م سه دان كتێب و نووسراوانه دا تاقه یه كێكیان چیه ناچنه نێو به رهه می كوردی و چیرۆك و رۆمان و شێعر و ئه ده بی كوردی و كتێبخانه و ماڵپه ڕی نووسه ر و كتێب و كتێبخانه ی كورده وه!!!بۆچی و له به رچی؟
داهێنان و ئافراندن و نووسینی شیعر و چیرۆك و رۆمان هونه رێكه كه له سه ر زمان و ده وری زمان و گه مه ی زمان و چالاكی زمان ده كردرێ، یانێ زمان له داهێناندا، له ئافراندن و خوڵقاندن و نووسینداده وری سه ره كی و بناغه یی و بنچینه یی هه یه . زمان و گه مه و یاری كردن به زمان و وشه و ڕسته ، رازاندنه وه ی ژیان به هه ڵكێشانی زمان به ره و كامڵبوون و پێشكه وتن و غه نی و ساماندار بوونی زمان به وشه ی جوان و هه ڵبژارده و ڕه سه ن و به خوازه و مه جازو وێنه و وه سف و ده ربڕین و گێرانه وه ی زمانی، به خوڵقاندن و كاری هونه ری ده ژمێردرێ و ئه م چالاكییانه زمان به رزه خواز و فارس و ته نی »استعلایی« ده كات. به رهه م به هه رزمانێك نووسرا ده چێته ماڵ و ماڵپه ڕ و كتێبخانه و سامان و فه رهه نگی ئه و زمانه وه، ته نها ئه و به رهه مه ی كه به زمانی كوردی نووسرا بێ، ده چێته ماڵی داهێنان و كتێبخانه و زمانی كوردییه وه .
ده یجا به رهه می مامۆستا یونسی و یاشار كه ماڵ و ... ته نانه ت چه ند نووسه ری فه ڕه نسی و ڕووسی و به ریتانیایی و ئاڵمانیایی كه چه نده كتێبیان سه باره ت به كورد و كێشه ی كورد و مێژووی كورد و ... نووسیوه، هیچیان ، هه ر هیچیان نایه نه سامانی زمانی كوردییه وه و به ئاسه وارو ده ق و به رهه می كوردی ناناسرێن، كاتێ نووسه ری به ڕه چه ڵه ك و ڕه گه ز كورد به هه ر زمانێكی جیا له كوردی بنووسێ، وه كوو ئه وه وایه كه دوكتۆر و ئه ندازیار و مامۆستا و كرێكاری كورد بچنه ئاوه دان كردنه وه ی وڵاتێكی دیكه ی بێج له كوردستان . ده یجا به م كاره كوردستان ئاوه دان ده بێته وه یان هه نده ران؟....!
* سه باره ت به كێشه ی چیرۆكی كۆنه و نوێ ومۆدێرن وپۆست مۆدێرن له چیرۆكی ئه مڕۆیی كوردیدا چی ده ڵێن؟
- سازدانی قاڵمه قاڵم و گوتارێك له سه ر ئه م چه مك و وته زایه زۆر پێویسته، به شكوو به چه شنێكی زانستی ڕوون بێته وه له چیرۆك و روِماندا كۆنه و نوێ و ... كامانه ن و خاڵی پێوه ندی و دژوازی نێوان ئه مانه چییه؟ له مڕۆ دا له نێوان ئێمه ی چیرۆكنووسانی كورددا باوه و ده ڵێن، چیرۆكی قوتابخانه ی رۆمانتی سیزم و ریئاڵیزم و ناتۆڕالیزم (نیچرالیزم) و سیمبۆلیزم و ... كۆنن و باویان نه ماوه. تاقمێك سوریالیزم و دادائیزم و ریالیزمی جادویی و شێوازی شه پۆلانی زه ین (سێڵاوی هۆش)یش هه ر به كۆن نێو برد ده كه ن، ئه مه له دۆخێكدایه كه له ئه وڕووپا و رۆژ ئاوا پۆلین كردنی ئه م چه شنه هه ر نه بیسراوه و له گۆڕێدانییه. له زانكو و ئاكادێمی و زانستگاكانی رۆژ ئاوا پولین كردنه كه به پێش له ڕۆنیسانس و پاش رۆنیسانس نێو برد ده كه ن و ئه م دوو خوله زه مه نییه ش ده كه نه چه ندان بڕگه و قوتابخانه ی وه كوو : ده ورانی ئوستووره ، ده ورانی حیكایه ت، ده ورانی فه لسه فه، ده ورانی هزر و ئه قڵ،

قوتابخانه ی کلاسیسیزم، قوتابخانه ی رۆمانتیزم و ریالیزم و ... تا ده گه نه سه ده ی بیسته م و شه ڕی یه که می جیهانی و شه ڕی دووهه می جیهانی یان به گشتی سه رده می پاش ئه م دوو شه ڕه گه وره گه ردونییه که به گشتی سێ شێوازی گه وره ی چیرۆك و رۆمان ده ست نیشان ده که ن و هیچیشیان وه کوو قوتابخانه یه کی سه ر به خۆ ناو نابه ن. ئه م سێ شێوازه ش بریتین له: شێوازی مۆدێرن: وه کوو به رهه مه کانی جۆیس و پرووست و وۆلف و ... که له م شێوازه دا زه ین و هۆش و زه مه نیان تێشکان و ئاڵۆزی زه مه ن و له ت و په ت بوونی زه ین و هۆش و فلاش به ك ده ورێکی سه ره کی و به رچاو ده گێڕن.
2- شیوازی ریالیزمی جادوویی: که له سه ره تادا تایبه ت به نووسه رانی ئامریکای لاتین و باشوور بوو و به ره به ره جیهانی ته نییه وه و له پاشاندا بووه چیرۆك و رۆمانی فه رهه نگه ئیقلیمی و په راوێز و تایبه تییه کان و له ئاکامدا هه موو جیهانی داگرت. وه کوو به رهه مه کانی مارکێز و رۆلیفۆ و ساراماگۆو خۆرخه ئامادۆو و ئاستۆریاس و ...
3- شێوازی پۆست مۆدێڕن: ئه م شێوازه له پاش بیکێت زیاتر له چیرۆك و رۆمانی ئامریکاییدا سه ری هه ڵدا و په نجه ره و ده روازه ی به رفراوان و به رین و قووڵی به رووی چیرۆك و رۆماندا کرده وه و گۆرانکارییه کی بناغه یی و سه ره کی به سه ر گێرانه وه و گۆشه نیگا و زماندا هێنا و ره وتێکی ساز کردو وه ڕێ خست که ئێستاش به رده وامه و هه ر کات وسات ده سکه وتێکی تازه وه ده ست ده خات وه کوو به رهه مه کانی - کۆت ثۆنیگات، براتیگان، بارتیلمی (دۆناڵدو ریچارد)، جان بارت و.. .
ئه ڵبَه ت ئه م سێ شێوازه ش هه م له گه ڵ قوتابخانه کانی پێش خۆیان وهه م له گه ڵ یه کدیدا خاڵی پێوه ندی و خاڵی دژوازی (تضاد) یان هه یه. به گشتی دژوازی نێوان ئه م سێ شێوازه له گه ڵ قوتابخانه کانی پێش خۆیان ئه مه یه: له رۆمانی رۆمانسی و ریالیزم و ناتۆرالیزمدا بایه خێکی زۆر ده درایه رووداوه ده ره کییه کان. چی قه و مان و گوزارشتێکی زیاتر ده ره کی و برێجار ناوه کی له کسێتییه کان و رووداوه کان بوو و زانایه کی گشتی هه موو شت زان چیرۆکه که ی ده گێڕایه وه که ئه غڵه ب خودی نووسه ر بوو وسه باره ت به واقیعه ده ره کییه کان و رووداوو که سێتی ئه مه نده ی ده زانی وده وت که خوداش ئه وه نده ی نه ده زانی و بۆ نه ده وترا، به ڵام ئه م سێ شێوازی پاش شه ڕه گه ردوونییه کان، ئه و بایه خه بۆ زانای گشتی دانانێن، که متر به زمانی سێهه م که سی زانای گشتییه وه چیرۆك ده گێڕنه وه و بایه خ و گرینگی و ئه و تۆ بوونێکی زور به زمان و زه مه ن و گیڕانه وه(ڕیوایه ت) ده ده ن و به ر ده وام هه وڵ بوَ تازه گه ری و به رجه وه ندی تازه و به رفراواندا بۆچیرۆك و گێرانه وه له ئارادایه.
بۆ ده ست نیشان کردنی زیاتر و دیوناس بوون له گه ڵ چیرۆکی مۆدێڕنی جۆیس، وۆڵف و پرووستدا به تایبه ت له سێکتێبی ( به شوێن زه مه نی له کیس چوودا: پرووست) و (ئۆلیسووس : جه یمز جۆیس) و (شه پۆله کان: ویرجینیا وۆڵف) ده توانین وه کوو تایبه تمه ندی ئه م سێ رۆمانه و شێوازی شه پۆلانی هۆش و زه ین ئه مه بڵێین که رۆمان و چیرۆکی مۆدێرن، سنوور و یاساو رێساباوه کانی پێشوو ده شکێنێ و مل بۆقه واره و شێوازه باوه کانی کلاسیکی و سوننه تی و سه له فی و ته قلیدیانه دانانوێنێ. چیرۆك و رۆمانی مۆدێرن رووداوه و پرۆسه ی گێڕانه وه و نووسین به چه شنی هێڵی و به پێی تێپه ڕ بوونی زه مه نیی سه عات و رۆژ ژمێر و کات ژمێری دیوار کۆ نانووسێ، هه روه ها بایه خ و گرینگی به لایه نی ده روونی و زه ین و بیره وه ری و گێره و کێشه کانی هه ناو و ناوه وه ی مرۆڤ ده دات که زۆر ئه و تۆ ترن له و ڕاسته قینه سه ڵت و ڕه به ن و به ر چاوه ی وا له ده ره وه ی زه ین و هه ست و سۆزی ئێمه دا ده قه ومێن، ئاخه به پێی توێژینه وه کانی بێرگسۆن (فه یله سۆفی عارفی فه ره نسی) زه ینی ئێمه جیهانێکی له ت و په ت و لایه ن لایه نه، ده یان و زیاتریش بیره وه ری و تێرامان و تێفکرین له ساته وه ختیکدابه فیکر و هوشماندا دێن و ده ڕۆن، به رده وام کاره سات و قه ومان و رووداوه کانی ئێستا و داهاتوو و ڕابردوو به فلاش به ك و فلاش فۆر

واردلێمان قوت ده بنه وه و زیندوو ده بنه وه و ده ور ده گێڕن . به واتایه ك ئینسانی پاش دووشه ڕی گه وره ی گه ردوونی و مرۆثی پاش ئه نفاڵ و هه ڵه بجه و بۆمبارانکردنه کانی سلێمانی و بانه و سه رده شت و مه هاباد و بۆکان و سنه و ...ئیدی ناتوانێ به چه شنێکی هێڵیی و راسته و خۆ قه ومان و رووداوه کان بگێڕێته وه و لێیان بدوێ و په نا ده باته به ر سێلاوی وه بیرهاتنه وه و گێڕانه وه یه کی فلاش فۆر وارد و فلاش به ك و ....
ره نگه به ر چاوترین خاڵی پێوه ندی ئه م سێ شێوازه ی باسمان کرد،هاو ده نگبوون له دژایه تی کردن ده گه ڵ شێوازی نووسینی پێشووتر (کلاسیزم و رۆمانتیزم و ریالیزم و..) بێ. به ڵام بۆ خۆشیان نه هه ر کام سه ر به خۆ و نه پێکه وه قوتابخانه یه ك پێکناهێنن،به ڵکوو ئاڵان روبگرێ( گوته بێژی رۆمانی نوێی فه ره نسی) و ته نی: ئێمه پێکه وه قوتابخانه یه ك پێکناهێنین، به ڵام له سه ر سڕینه وه و ڕووخاندنی شێوازه کانی رابردوو هاو ده نگین و به تایبه ت که وه کوو باسمان کرد ناوه رۆکی سه ره کی له چیرۆکی مۆدێرندا سێڵاوی هۆش و ده روون بوو، له ریالیزمی جادووییدا که لتوور و وه ڕو خۆڕافه کانی ناو کۆمه ڵگای ئامریکای لاتین و ئافریقا و فه رهه نگه په ڕاوێزه کان بوو، له چیرۆك و رۆمانی پۆست مۆدێرنیشدا سه ره کی ترین کێشه گۆشه نیگایه به جیهان و فه لسه فه ی ئه مرۆی جیهان و پاڕادایمه کانی زانست و فه لسه فه له پاش شه ڕه گه وره گه ردوو نییه کان و گرینگیدان و بایه خدانێکی له ڕاده به ده ر به زمان و گێرانه وه(ڕیوایه ت) و گۆشه نیگای سه یر کردنی جیهان. یانی یا من هه ڵوێسته یه ك له سه ر گۆشه نێگای پۆست مۆدێرنیستی بکه م و یا له م شته... گۆشه نیگای فیکری و فه لسه فی له ڕۆنیسانسه وه تا شه ڕه گه ردوونییه کان بایه خی ده دا به ره هابوونی عه لمانیه ت، و عه قڵانیه ت و فیکرو فه لسه فه و گۆشه نیگای رۆژئاواییان ره فز کرده وه، گۆشه نیگای رێژه یی (نیسبی بوون) هه موو پارادایم و فکر و فه لسه فه و زانستێکیان به رجه سته کرده وه و ئاوریان له فه رهه نگ و که لتووری په راوێز و جیهانی و رۆژ هه ڵاتی و باشوور داوه و ده ستیان کرده وه به خوێندنه وه و به حیساب هێنانی جیهانی فه قیر و ئاسیایی و ئه فریقایی و دین و فه رهه نگه کانی نارۆژ ئاوایی .
به تایبه ت ئه م گۆشه نیگایه و ڕه فزو ڕه ت کردنه وه ی ره هابوون،گومان کردن له واقیع و راستی و راسته قینه کان و زۆر شتی دیکه و سه لماندنی ئه م خاڵه که ده کرێ و ده شێ هه موو زانست و فیکرو رووداو واقیعه تێك له نێوان ڕاست و ناڕاست و دروست و نادروست و رووِدان و ڕوونه داندا بێ وده کرێ گومان له هه موو واقعێك بکرێ و ئه م گۆشه نیگایه له گێرانه وه ونووسینی چیرۆکدا، به تایبه ت به و بایه خه وه که به زمان و ده وری زمان و به رزه خوازی زمان (استعلایی)و بوونی زمان ده درێ و گۆشه نیگای به (گومان) بوون به واقیعه کان وشته کان و رووداوه کان و ئه گه ری چه ند کۆتایی له چیرۆکدا و ئه گه ری چه ند ڕیوایه تی و ئه گه ری راست و دروست بوون و هه ڵه بوونی رووداوه کان و شته کان له ساته وه ختێکدا. ئه مانه و زور چه مك و وته زای غه نی و تازه ی دیکه به م شێوازه فیکرییه تازه دا هه ل و ده رفه ت و غه نیمه تن و ئه وه شمان له یاد بێ که هه ر به گۆمان بین له مه ش و له یادمان بێ ئه مه ش رێژه یی و نیسبییه و ئه گه ری نار استبوونی هه یه!
باسه که مان له سه ر کۆنه و نوێ و ... له چیرۆکدا بوو، به ڵێ چیرۆك هه مووی ئه م گۆڕانکاری و هه ڵبه ز و دابه زه ی به سه ر داهاتووه، به ڵام له مێژووی چیرۆکدا شتێك سه لماوه: ( چیرۆکی هونه ری هه تا هه تایه، هه رمانه و نامرێ،هیچ کۆنه و نوێ و ... شی نییه!!!)
به ڵام ئه م پرسیاره دێته پێشێ: (چیرۆکی هونه ری چییه و کامه یه؟) هه موومان ده زانین که داهێنانی شیعر و شانۆ و چیرۆك ده چێته ماڵی هونه ره وه،سه ره کی ترین مه به ستی هونه ریش ئافراندن و خوڵقاندنی جوانییه،به ڵام له سه رئه وه ی که جوانی چییه؟ مشت و مڕ هه یه و یه کده نگی له ئارادا نییه، ئه وه ی سه لماوه و ئاشکرایه ئه وه یه که له سۆقرات و ئه فلاتوون و ئه ره ستوو به ملاوه له سه ر جوانی نووسراوه و وتراوه و چه مك و وته زای وه

کوو عه داڵه ت و ئازادی و دێمۆکراسی و شادمانی و چێژ بردن له بڕێ ده ق و به رهه م و ئاسه وار به جوانی داندراوه و ناسراوه.
له مڕۆی چیرۆکی کوردی کوردستانی ئیراندا زیاتر و به گشتی ئه م چه شنه چیرۆکانه ده بینین:

1- ئه و چیرۆکانه ی گرینگی به گێڕانه وه و ته کنیکه کانی گێڕانه وه و گه مه زمانییه کان ده ده ن،له بڕێ له مانه دا ریوایه ت زۆر ساده و ساکا رو شیرین که ڵکی لێوه رگیراوه و له بڕێکیاندا ته کنیك زمان و گێڕانه وه ی ته م و مژاوی کردووه، زۆر جارگێڕانه وه که هێنده ساکاره که چیرۆك تا ئاستی نه قل و نوکته و جۆك دا ئه کشێ ( چه شنی نوکته کانی عه لی خه ندان ) ! بڕێجاریش ته کنیك و گه مه ی زمانی و توندڕۆیی،چیرۆك داده پۆشێ و ته م و مژی ته کنیك و مه عنا هه موو شتێ ده شارێته وه.

2- ئه و چیرۆکانه ی ده وری سه ره کی به مه عنا( به تایبه ت مه عنای فه لسه فی و ئوستووره یی) ده ده ن کاتێ هه موو هه وڵی نووسه ر بووه ئه وه ی که مه عنا بخوڵقێنێ ، نووسینی چیرۆك له مه به ستی سه ره کی خۆی دوور ده که وێته وه. به تایبه ت بڕێجار به چاو لێکه ری له تیوه ره کانی رۆمان و زمان و هونه ر، نووسه ر تێده کۆشێ‌چیرۆکه که ی لایه نه لایه نه و چه ند مه عنایی بێ و بۆ ئه وه ی کاره که ی خۆی گرینگتر نیشان دابێ، ته م و مژێکی خه ست و سه نگینیش به سه ر نووسراوه که یدا زاڵ ده کا، که ته م و مژ و مه عنا خوازییه، چیرۆك له مه به ستی سه ره کی خۆی دوور ده خاته وه و زۆر جار نووسه ر توانای ئه فراندنی چیرۆکی له م ئاسته یدا نییه.

3- ئه و چیرۆکانه ی به مه به ستی دژه مه عنایی و دژه بابه ت ده نووسرێن( بدون موضوع و بدون معنا) که له راستیدا ئه مه له کاری کلاسیکه کانی چیرۆکنووسیندا نه بوون و نین. ڕه نگه شانۆی ئابزۆر ده به مه عنای( مه عنا دۆڕا و - معنا باختگی) ئه م نووسه رانه ی وه سه ر ته ڵه په ڕاندبێ، یان ئه و وته یه ی گۆستا و فلۆبێر که ده ڵێ: باشترین رۆمان یا چیرۆك ئه وه یه که له سه ر هیچ نووسرابێ که له راستیدا هه م شانۆی ئابزۆرد و هه م وته ی فلۆبێر خاوه ن مه عنای قوولی فه لسه فین سه ره نده ریان ئاسان نییه.

4- چالاکی و هه وڵ وته قه لا بۆ ئافراندنی چیرۆکی هونه ری سه رجه م ئه و نووسه رو چیرۆکنووسانه ی له مڕۆی چیرۆکنووسینی کوردستانی ئێراندا له هه وڵی ئه ودان له باوی رۆژ و مۆدی رۆژ و شه پۆله کانی رۆژ دوور که ونه وه و به دوور له (ندی و بدی) بازی و (ئه جه غ و ه جه غ) کاری چیرۆك بنووسن.به تایبه ت ئه وانه ی چیرۆك به مه به ستی چیرۆکنووسینه وه ده نووسن ،نه ك بۆ ئه و کۆڕ و کۆ بوونه وانه و نه ك بۆ ئه وه ی فڵانه که س به دڵی بێ و نه ك بۆ ئه وه ی تیوه ره کانی ژیان و ئه ده ب و هونه ریان له چیرۆکی خۆیاندا ده کار کرد بێ و ... ئه مانه گشت چیرۆکنووسی ئه مڕۆیی کوردستانی ئێرانن، ئه ژماریان گرینگ نییه. گرینگ کار کردن و زه حمه ت کێشانه . هیچ نووسه ر و هیچ رۆمان و کۆچیرۆکێکیش ناوبرد ناکه ین، با خۆمان به ده ست دۆستانه وه پیاو خراپ نه که ین، سوپاس بۆ ئێوه ش که به سه رتان کردمه وه.

http://www.sirwanweekly.com